سەروتار



ئازاد بەرزنجی

# دەق و نائامادەبوونی رەخنەی ئەدەبی



گەلێ جار لێرە و لەوێ باس لەوە دەکرێ کە دەقمان هەیە شایانی ئاوڕلێدانەوەی رەخنەیییە و وەلێ فەرامۆش کراوە و بە پێچەوانەشەوە نووسینگەلێک هەن کە شایستەی قسە لەسەرکردن نین و کەچی لە رووی زێدەڕۆیی یان موجامەلەوە دەخرێنە خانەی داهێنانەوە.

هەڵبەت ئەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بزاوتی رەخنەیی لە رۆشنبیریی کوردیدا بزاوتێکی سست و کزە، ئەمە ئەگەر بکرێ بڵێین کە بزاوتێکی لەو جۆرە هەیە. بۆچی؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گەلێ هۆ و هۆکار هەن؛ بەڵام دەکرێ بڵێین کە دیارترین ئەو هۆکارانە نەبوونی هۆشیارییەکی

رەخنەیی و هەستەوەرییەکی رەخنەیی و چێژێکی ئیستاتیکی و ستانداردێکی رەخنەییە کە بۆ هەڵسەنگاندنی هەر دەقێکی ئەدەبی بوونیان مەرجە و بە ونبوونێکی هەر توخمێک لەم توخمانە بۆشاییەک دەکەوێتە پرۆسەی رەخنەوە.

ئەمە جگە لەوەی کە رەخنەگرتن لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی تری ئەدەبی دەگۆڕێت. هەربۆیە مەرج نییە رەخنەگرێکی شیعری بتوانێت خۆی لە قەرەی چیرۆک بدات، یان رەخنەگرێک لە بواری رۆماندا بتوانێت کاری رەخنەیی لەسەر شانۆ بکات و... هتد.

رەخنەی ئەدەبی خۆی بۆ خۆی داهێنانێکی ترە لە بواری کاری نووسیندا. رەخنەگر کەسێکی پاشکۆ نییە لە دنیای داهێناندا وەک هەندێ کەس بۆی دەچن. بەپێچەوانەوە؛ هەندێ جار ئەو لایەنە پەنهانانەی رەخنەگر لە دەقێکدا کەشفیان دەکات کەم خوێنەر پەییان پێ دەبات و بگرە لە هەندێ حاڵەتدا بەلای نووسەری دەقەکەوە خۆیشی؛ نامۆن.

**رەخنەی ئەدەبی خۆی بۆ خۆی داهێنانێکی ترە لە بواری کاری نووسیندا. رەخنەگر کەسێکی پاشکۆ نییە لە دنیای داهێناندا وەک هەندێ کەس بۆی دەچن**

هەر بۆیە رەخنە بریتییە لە پرۆسەیەکی داهێنەرانە و رەخنەگر پێویستە هەم رۆشنبیر و هەم داهێنەر بێت تا بتوانێت بە سەرکەوتوویی پراکتیزەی بیروبۆچوونەکانی بکات.

لە پرۆسەی رەخنەنووسیندا زەقترین پرسیار بورووژێنرێ ئەوەیە کە ئاخۆ ئەو شتانەی دەقێکی داهێنەرانە لە دەقێکی ناداهێنەرانە جیا دەکەنەوە چین؟ و ئەو پێوەرە ئەدەبییە چییە کە رەخنەگر لە هەڵسەنگاندنی کارێکی ئەدەبیدا پشتی پێ دەبەستێت؟ یان ئەو توخم و رەگەزانە چین کە کارێکی ئەدەبی دەکەن بە کارێکی داهێنەرانە؟ راستییەکەی ئەمە پێوەندیی بە هوشیاریی ئەدەبی و ئاگەداربوونی رەخنەگرەوە هەیە لە مێژووی ئەدەب و لە تیۆرە

ڕەخنەییـیـەکـان. ناکرێ تـاقـە پێـوەری ڕەخنەگر بـۆ هەڵسـەنگاندنی دەقێک بە تەنیا چێژی شەخسیی خۆی بێت، چونکە ئەمە جۆرێک لە فـەوزای ئەدەبی دروست دەکـات کـە تێـیـدا داهێنان و ناداهێنان لە یەکتری جیا ناکرێنەوە. ڕەخنەگر دەبێ قەناعەت بە خوێنەر بکات کە بۆچی ئەو دەقــە دەقــێکی داهـێنەرانـەیە و ئـەوی تریـان وانیـــیــە. ئەفسوس ئەوەی ئەمڕۆ لە نێوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا دەیبینینەوە بەپێـچـەوانـەی ئـەمـەیە. زۆر جـار ڕوو دەدات کـە دەقـێک دەگـەیەنرێـتـە ئـاسـتی بـەپیـرۆزکـردن بەبێ گـەڕانەوە بـۆ هیچ پێـوەر و پێـودانێکی ڕەخنـەیی، و یان بەپێـچـەوانەوە نـاهـەقی بـەرامـبــەر بە دەقـێکی تر دەکرێ.

ڕەخنەی جیدی بریتییـە لە خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ دەق و پەیبردن بە ئـاسـتــە ئاشکرا و شـاراوەکـانی.

**ڕەخنەی جیدی بریتییە لە خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ دەق و پەیبردن بە ئاستە ئاشکرا و شاراوەکانی**

کەسـێک ئاگاداری مـێـژووی ڕۆمـان و دنیـای ڕۆمان و هونەری ڕۆمـان نەبێت و دەیان و بگرە سـەدان ڕۆمانی جوان و ناوازەی نەخـوێندبێـتـەوە؛ ناتوانێت سەبارەت بە ڕۆمانێک ڕەخنە بنووسێت و دیوە جوان و ناشرینەکانی بخاتە ڕوو. هـەروەها بۆ شیعر و کورتەچیرۆک و ژانرەکانی تریش.

پێـویسـتــە لێـرەدا ئـامـاژە بەوەش بدەین کـە ئەم بۆچوونە بەسـەر ڕەخنەی وەرگێـڕانیـشـدا دەچەسپێت. ئەو ڕەخنەگرەی سـەبارەت بە کـارێکی وەرگـێـڕراو دەنووسـێت و دەیەوێ ئـاسـتی وەرگـێـڕانەکـەی هەڵبسـەنگێنێت، پێویستە بەر لە هەموو شـتێک خۆیشی وەرگێڕێکی داهێنـەر و کـارامـە و زمـانزان بێت. هەروەهـا پێـویسـتــە ئاگـەداری تیـۆرەکانی وەرگـێڕان و شـێوە و شـێوازەکانی وەرگـێڕان و تەکنیکی وەرگێڕان بێت و بزانێت چۆن وەرگێڕانێکی جوان و سـەرکـەوتوو لە وەرگێڕانێکی میکانیکی و بێ ڕوح جیا دەکاتەوە.